# دیدار و کۆبوونەوەیەك لە نێوان رێبەرایەتیی
# یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی بیت نهرین



کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆی رۆژی ١ی گولانی ٢٧٠٤، رێکەوتی ٢١ ئاوریلی ٢٠٠٤، وەڤدێکی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی بیت نەهرین بە سەرۆکایەتیی بەرێز رۆمیۆ هەکاری سکرتێری حیزب و بە یاوەری بەرێزان عامر حزیران و جرجیس یونان ئەندامی سەرکردایەتی سەردانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان کرد و لە لایان بەرێز کاك حسەین یەزدانپەنا سکرتێری گشتیی **RUK** و هەروەها بەرێزان شەماڵ پیران و سەلاحەدین عەباس زادە ئەندامانی کۆمیتەی ئیجرایی بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا، رەوشی سیاسیی ناوچەکە و بارودۆخی عێراق لەپاش رووخانی حکومەتی بەعس و کۆسپ و تەگەرەکانی سەر رێگای چەسپاندنی دێموکراسی لە عێراق و خاڵە بەهێزەکانی ئەو ئاڵ و گۆڕانە خرایە بەرباس و راگۆڕینەوە.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا ئاماژە بەو راستییە کرا کە ئاکامی ئاڵ و گۆڕەکان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە ئاقاری دیموکراتیزە کردنی ناوچەکە و گۆڕینی سیمای سیاسی و جوغرافی وڵاتانی دواکەوتوو و دیکتاتۆردا هەنگاو دەنێ و هەروەها دەور و دەستی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی و ژمارەیەك دەوڵەتی دیکە بۆ پێشگیری سەقامگیریی لە عێراق و لە رەوتی دیموکراتیزە کردنی ناوچەکە، تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکە بوو.

لە درێژەی دیدارەکەدا باس لە یاسای بەرێوەبەری کاتی عێراق و دەسکەوتەکانی پەسندکرانی ئەو یاسایە و سەرکەوتنەکانی گەلانی عێراق لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە مێژوییەدا کرا.

دواتەوەری دانشتنەکە تەرخان کرا بۆ پێداگرتنەوە لەسەر حەول دان بۆ پتەکردنی پێوەندیی برایانەی گەلی کورد و ئاشووری لە هەردوو کوردستانی باشور و ڕۆژهەلات.

لە کۆتاییدا هەر دوولا پتەکردنی پێوەندیی نێوانیان بە گرینگ نرخاند و جەختیان لەسەر کردەوە.

www.RUK2691.org